وەزیری تەندروستی: نەخۆشیی تەبەق لە ژێر کۆنترۆڵدایە و تا ئێستاش هیچ تووشبوویەکی مردنی تۆمار نەکراوە

ئەمڕۆ شەممە، ساڵح حەسناوی وەزیری تەندروستی دووپاتی کردەوە کە: "تا ئێستا دامەزراوە تەندروستییەکان هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە نەخۆشی تەبەق تۆمار نەکردووە"، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە: "نەخۆشی تەبەق نەخۆشییەکی پەتایە و بەم نزیکانە کۆنترۆڵ دەکرێت".

حەسناوی لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی فەرمی، کە "موتەبەع" بەدواداچوونی بە کردووە، ڕایگەیاند، نەخۆشی تەبەق نەخۆشییەکی ڤایرەسییە و تووشی ئاژەڵ و مانگا و بزن و مەڕ دەبێت و شێوازی گواستنەوەی بە مرۆڤ زۆر لاوازە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "تا ئێستا دامەزراوە تەندروستییەکان هیچ تووشبوونێکیان بەم ڤایرەسە تۆمارنەکردووە"، ڕوونیشیکردەوە: "وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی بە بەخۆکرانی ئاژەڵدار کردووە، جگە لەوانەی مامەڵە لەگەڵ گۆشت دەکەن وەک کارگەی قوتوکردنی گۆشت و قەسابخانەکان، هەمەتەکانیش بەردەوامن".

وتیشی، ئاستی کارکردنی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەشی گشتی پزیشکی ڤێتەرنەری باش، ئەم نەخۆشیش بە نەخۆشییەکی پەتا دادەنرێت کە کۆتایی پێدێت و بەم نزیکانە کۆنترۆڵ دەکرێت.